پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕکاتی کورت وپوختی نوێژی ئەنجامدەدا پاش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان

لە حەفسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕکاتی کورت وپوختی نوێژی ئەنجامدەدا پاش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان (پاش بانگدان بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی)». ولە گێڕانەوەیەکدا: «(پێش ئەوەی نوێژی بەیانی ئەنجامبدرێت (پێش ئەوەی قامەت بکرێت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

حەفسە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاش بانگدان بۆ نوێژی بەیانی تەنها دوو ڕکاتی پوختی ئەنجامدەدا ولە دوو ڕکات زیاتری ئەنجام نەدەدا. (خفیفتین : واتا پوخت وکورت): لە وەستان وڕکوع وسوجدە بردندا، وبەهۆی پوختی ئەم دوو ڕکاتەوە عائیشە دەڵێت: (ئایا -أم الكتاب: واتا سورەتی الفاتحة-ی خوێندن؟) [البخاري]، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی ئەوەندە بە پوختی ئەنجامدەدا هەتا دەموت: ئایا -أم الكتاب: واتا سورەتی الفاتحة-ی خوێندن یان نا؟) [الموطأ]، ئەمیش مانای ئەوە نەبوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی بە پەلە ئەنجامدەدا بەشێوەیەک کە پایەکانی نوێژ کەموکورتی تێدا بێت لە وەستان وڕکوع وسوجدە بردندا، بەڵکو مانای ڕاست ودروست ئەوەیە: کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم دوو ڕکاتەی بە پوختی ئەنجامدەدا بە بەراورد کردنی بە نوێژە سونەتەکانی تر، کە زانراو بوو نوێژە سونەتەکانی تری درێژ دەکردەوە. (پاش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان): واتا ئەو دوو ڕکاتە سونەتەی ئەنجامدەدا (پێش ئەوەی قامەت بکرێت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی)، وئەمیش مانای ئەوەیە کە کاتی ئەم دوو ڕکاتە سونەتەی پێش نوێژی بەیانی لە کاتی دەرکەوتنی ئاسۆی بەیانە* -الفجر الصادق- هەتاوەکو قامەت کردن بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی. (*ئاسۆی بەیان -الفجر الصادق-: هێڵێکی ئاسۆییە ڕەنگەکەی لە نێوان زەرد وسوورە ئەمیش ئەو کاتەیە کە بانگدەدرێت بۆ نوێژی بەیانی، بەڵام ساتی دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان دەبێت بە پێی بینین و بە ووردی کاتەکەی بزانرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بانگی بەیانی بدرێت، بەڵام ئێستا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا لە کاتێکی زووتر بانگدەدرێت واتا پێش ئەوەی ئاسۆی بەیان دەربکەوێت بانگدەدرێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11248